# نەزان و بەدبەخت      ئەحمەد دەشتی

لە ئێران واتە لە سالی 1975 دوای کارەساتە شوومەکەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن  ئاوارەی ئێران بووین،لە مازەندەران لە شاری گونبەد کاوس بووین ، ڕۆژێ خوا لێ خۆش بوو مام کەریم لە گەل پور ئامینی خێزانی کە دۆستێکی ئێمە بوون و ئەوانیش وەک ئێمە ئاوارەی ئێران بووبوون ، ئەو ڕۆژە پورە ئامین و مام کەریم بە یەکەوە  مێوانمان بوون،ئەو شەوە لامان مانەوەو ڕوخسەتمان نەدان بگەڕێنەوە ئێمام زادە یەحیا کە ئەوان لەوێ دەژیان،مام کەریم  کە پیرە مێردێکی قسە خۆش و زۆر نکتە خەلکی هەولێر بوو خۆشم دەویست،ئەو شەوەتا درەنگی شەوان نەخەوتین ،مام کەریم بە مندالانی گوت: وەرن ڕوونیشن چیرۆکێکتان بۆ دەگێرمەوە دەزانم کە پێتان خۆشە: منیش کە زۆر حەزم لە چیرۆکە کۆنەکان  دەکرد بە وریاییەوە گوێم لە مام کەریم ڕاگرت  :مندالانیش هەموویان زۆر بە دلخۆشیەوە گوێیان قوراغ کرد و ئەوسا مام کەریم گوتی:ئەم چیرۆکە بە ناوی( نەزان و بەدبەختە)منیش ناوی چیرۆکەکەم لە لای خۆمەوە یاداشت کرد و گوێم لە مام کەریم ڕاگرت تا چیرۆکەکی تەواو کردو هەموو چیرۆکەکەم  لە مێشکی خۆما تۆمار کرد و بڕیام دا کە لە هەلێک دا  ئەو چیروکە پڕ مانایە بنوسمەوەو بیخەمە سەر کاغەز و بلاوی بکەمەوە، ئیتر لە دوای ماوەیەک بڕیاردانی نوسینەوەی ئەو چیرۆکەو گەلێ چیرۆکی تر کە هەر لە دەورانی زارۆکی لە مام سالح و مام جەژنی و گەلێ لەخەلکانی ترم بیستبوون، لە گەل ئەم چیرۆکەش کە مام کەریم زۆر بە تام و بۆی گێڕایەوە و ئاوای گوت : کە دەقی گۆتنەکەی وا دەنوسمەوە و بە یادی مام کەرێم و ئەو ڕۆژگارانەوە  پێشکەشی زارۆکان و هەموو خوێنەرێکی ئازیز کوردی دەکەم و هەزاران سلاویش لە گیانی پاکی مام کەریمی نەمر.

ئەحمەد دەشتی: بەرلین

ڕۆژێ لە ڕۆژگارانی زوودا  کابرایەک دەبێ لە دوای بەختی خۆی دەگەڕێ و دەچێتەلای پیرەمێردێکی بە سالا چوو  و  داوای لێ دەکات کە چۆن بتوانێت بەختی خۆی بدۆزێتەوەو ئالەو بەدبەختیەی کە هەیەتی ڕزگاری ببێ و شادو خەندان بژیتن،پیرە مێردی دونیادیدە وبە سالاچووش لە وەرامی کابرا دەلێت:ئەوەی کە من بزانم  بەختی تۆ وا لە پشت دەریای ڕەشەوە لە ناو قوڕو لیماو دا گیری کردووەو تا بەخۆت نەچی بۆلای ئەو

بەختەی خۆتەوە هەر ئاوا دەمینێتەوەو بەختی تۆ ناگەڕێتەوە،کابرای بەدبەختیش کە ئەمەی دەبیستێ ئیتر ڕاستەو خۆ هەلدەستێت و ڕوو دەکاتە ئەو جێگایەو بەرەو ئەوشوێنەی کەپیرەمێردی بە سالا چوو بۆی دیاری کردبوو دەڕوات،کابرای بەدبەخت لە ڕێگەوە دوای یەک دوو ڕۆژان کە بە سەر چیاییێکەوە سەر دەکەوێت و لە سەر بلندایی ئەو کێوەوە توشی بە گورگێکی لەڕو لاواز و زۆر دڕندە دێتن، گورگەش کەلە برسان کۆلەوار بوبوو هێزو توانای لە بەر نەمابوو لە برسان یکسەر پەلاماری کابرادەدات بۆ ئەوەی کە بیخوات و هەنجنی بکات ،کابراش کە ئەمە دەبێنێ هاواری لێ هەل دەستێت وبە گورگەکە دەلێت:پەلامارم مەدەو مەمخۆ چونکە من بۆ لای شەنسەکەی خۆم کە لە فلانە شوێنە دەڕۆم و دەچم ئەو بەختەی خۆم دەهێنمەوە،گورگەکەش کە ئەمە دەبیستێت واز لە کابرا دێنێ و پێی دەلێت: بەو مەرجە وازت لێ دێنم کە بە بەختەکەی خۆت بلێی ئەوە منی گورگ چەند سالە نەخۆشیەکی زۆر خراپی پێستم هەیەو بە هیچ شێوەیەک چاک نابێتەوە،بزانە دەرمانی دەردی من چیە؟ کابراش وادە بە گورگەکە دەدات و ئەویش وازی لێ دێنێ ،ئەوسا کابرا بۆ لای بەختەکەی خۆی دەڕوات،کاتێ لە چیاکە شۆڕ دەبێتەوە ئێوارەی بەسەر دادێت و دونیای لێ تاریک دادێت و دەگاتەباغێکی زۆر گەورەو ئیتر بەرەو خانوەکەی ناو باغەکە مل دەنێ کە مالی خاوەن باغەکە لەو خانوەدا دەبێت،کە دەگاتە وێندەر دوای سەلام و کەلام وەزعی خۆی بە تەواوی بۆ خاوەن باغەکە دەگێڕێتەوە،ئەوسا خاوەن باغەکەش زۆر بە خێرهاتنی بەدبەختەکە دەکات و پێی دەلێت کەوا تە داوایەکم لە تۆ هەیە ئەویش ئەوەیە کە چووی بۆلای شەنسەکەی خۆت و پێی بلێت نازانم بۆچی ئەم باغەی من زۆر لە مێژە هیچ بەر ناگرێت و سالەهایە هەر بێ بەرە؟دەبێ ئەم پرسیارە لە یاد نەکەیت و بە شەنسەکەی خۆت هەر بلێیت،ئەویش گوتی: زۆر باشە ئەنجامی دەدەم،ئەوڕۆژە لەوێش مال ئاوایی کرد و لەوێش ڕۆیشت و دوای چەند ڕۆژێک توشی بە وەلاتێکی تر هات و لە سەر سنوری ئەو وەلاتەوە پاسەوانەکان کابرایان گرت و ڕاستەوخۆ بردیان بۆ لای پاشای خۆیان بۆ بریار وەرگرتن لە سەرکابرا کەوا بێ ڕوخسەت پەڕینەوەی لەو مەرزەوەهاتۆتە وەلاتیانەوە، کابرا کەچووەلای پاشا لە دوای بەخێر هاتن کردنی پاشا لە کابرای پرسی و گوتی:تۆ چیت دەوێ کە ئاوا هاتویتەناو وەلاتی ئێمەوەو ویزەت وەرنەگرتووە؟کابراش لەوەرام دا

باسی خۆی بۆپاشا گێڕایەوە ئەوسا پاشا کە ئەوەی بیست بە پاسەوانەکانی گوت ئێوە بڕۆن و واز لەم کابرایە بێنن،دوای ئەوەی کە پاسەوانەکان ڕۆیشتن ئیتر پاشا بە کابرای گوت: شتێکت پێ دەڵێم بەلام نابێ باسی بکەیت و ئەگەر باسی بکەیت ئەوا نرخی سەرەو لە دارت دەدەم،کابراش گوتی:پاشام بە سەرچاوان هەرچی دەلێی ئەوا من ئەنجامی دەدەم و فەرموو چیت دەوێ؟پاشا گوتی: دەمەوێ بە شەنسەکەی خۆت بلێی نازانم بۆچی من کە پاشاشم و لە هیچم کەم نیەو بەلام هەمیشە دلم زۆر توندەو نا ئارامم و نازانم هەتوانی ئەم دەردەی من چیە؟ئەگەر وەلامم بۆ بینیتەوە خەلاتت دەکەم و چیت بوێ بۆت وادەکەم ئیتر کابراش وادەی بە پاشا داو کە وەرامی بۆ بێنتەوە،پاشا کابرای بە ڕێزەوە ئازاد کردو ئیتر کابراش بەرەو شوێنی مەبەستی خۆی بە ڕێکەوت و ڕۆیی و زۆری پێ نەچوو گەیشتە سەر دەریای ڕەشەوە،هەرکە چوەکەناری دەریاوە چاوی بە حوتێک کەوت وا لەو کەنارە مەلەی دەکاتن، ئیتر لە حوتەکەنەزیک بووەوە لێی پاڕایەوە کەوا بیباتە ئەوبەری دەریاوەو لەوێ بەختەکەی خۆی بێنتەوەو پێی شاد بێتەوە، کەوا بەختەکەی لە ناو قوڕ و لیتاوی ئەوبەری دەریادا گیری خواردووەو لەوێ چەقیوە،حوتەکەش کە ئەمەی بیست بە کابرای گوت زۆر باشە بە شەرتێک دەتپەڕێنمەو ئەوبەری کە بە بەختی خۆت بلێیت من نازانم بۆچی هەمیشە گوێی لاچەپم گرانەو هیچ نا بیستم؟ کابراش وادەی پێ داو سواری پشتی حوتەکە بوو حوت کابرای پەڕاندەوە ئەوبەری دەریاوە،کابرا کە پەریەوە ماوەیەک ڕۆیی بینی کەوا بەختەکەی لە ناو قوڕ و لیماودا هەروەک پیرەمێردەکە گوتی گێری خواردووەو لەوێوە چەقیوەو تەکان ناخواتن،ئیتر کە چاوی بە بەختی خۆی کەوت هەتا بلێی شادمان بوو و بە شەنسەکەی خۆی گوت:قوربان ئەوەتۆ بۆچی وا لەمن دوور کەوتیتەوە نازانی کە من چەند ئازارو ڕەنجم بە بێی تۆوە کێشاوە؟دەهەستەوەرە بابرۆینەوەو شادم بکەوە،ئیتر بەختی کابراش لە وەرام دا گوتی:منیش لە مێژە چاوەڕوانیت دەکەم کە بێیت من ببەیتەوە،بەختی کابرا گوتی: دەبگەڕێوە من ئەوا گەل تۆ دا دێمەوە ،ئیتر کابراش لە خۆشیان پای نەدەگیشتە زەوی و زۆر بە دلخۆشیەوە ڕووی کردە شەنسەکەی خۆی و گوتی:من هەندێک پرسیارم هەنە دەبێ وەرامم بدەیتەوەو بەبێ ئەو وەرامانە من ناگەڕێمەوە،بەختی کابراش گوتی: فەرموو پرسیارکانت چین؟کابرا گوتی:ئەو حوتەی کە منی

پەڕاندەوە دەلێت هەمیشە گوێچکەی چەپم گرانە نازانم هۆی چیە؟بەخت گوتی:مستێک لە گوێچکەی حوتەکە بدە دوڕێکی زۆر نایاب و نرخداری تێدایەو دێتە دەرەوە و ئەوسا چاک دەبێتەوە.

پاشان کابراگوتی: پرسیاری دووەمم ئەوەیە کە لە فلان وەلات کە من بەویَ داهاتووم و دەگەڕێمەوە فلانە پاشا دەلێت: هۆی چیە کە هەمیشە دلم توندەو نا ئارامم؟یەختی کابرا گوتی: پێی بلیَ کە ئەو پادشایە کچە و تا ئێستا مێردی نەکردووە و کەسیش نازانێتن، با بۆخۆی مێردێک بکاتن وئەوسا دلتەنگیەکەی و هەموو نا ئارامیەکەی لە ناو دەچێت و چاک دەبێتەوە.

کابرای بەدبەخت گوتی: پرسیاری سێیەمم ئەوەیە کە فلانە خاوەن باغ دەلێت نازانم هۆی چیە کە باغەکەی من سالەهایە بەرناگرێتن؟ لە وەرام دا بەخت گوتی:پێی بلیَ هۆیەکەی ئەوەیەکە چەند کوپە زێرێک لە دەمەتری بەولاوەی دەرگای باغەکە شاراوەیەو تا ئەو زێرانە دەر نێتن باغەکە بەر ناگرێتن، بائەو زێڕانە دەر بێنێت و ئەوسا باغەکەی بەر دەگرێتن.

کابرای بەدبەخت گوتی: پرسیاری چوارەم ئەوەیە:لە فلانە کێودا گورکێک هەیە دەلێت: من لە مێژە نەخۆشیەکی زۆر خراپی پێستم هەیە و بە هیچ کلۆجێ چاک نابێتەوە دەرمانی دەردی ئەو گورگە چیە؟بەخت گوتی بە گورگەکە بلیَ با بیَ ئەقلترین کەس کە تۆشی بوو بیگریَ و بیخواتن و ئەوسا چاک دەبێتەوە.

ئێتر کابرا کە ئاوا بەختی خۆی دۆزیەوەو هەموو وەرامەکانیش دایەوە زۆر بە دلخۆشی بەرەو وەلاتی خۆی گەڕایەوەو یەکەمجار هاتە سەر دەریاوەو حوتەکە چاوەڕوانی کابرای دەکرد و گوتی: کوانی وەرامی پرسیارەکەی من؟کابراش گوتی:تا نەم پەڕینیەوە ئەوبەری دەریاوە و وەرامەکەت پیَ نالێم،ئێتر حوتەش گوتی:زۆر باشە،کابرا سواری پشتی حوتەکە بوو لە نەزیک کەناری ئەوبەری دەریاکەوە بە حوتەکەی گوت: گوێی چەپت ڕابگرە تا مستێکی لیَ بدەم و دوڕێک لە ناو گوێت دایە و دێتە دەرەوە و ئەوسا تۆ چاک دەبێتەوە،ئەو کارەی کرد و دوڕەکە لە گوێچکەی حوتەکە هاتە دەرەوەو حوتەکە گوێی بۆوەو سوپاسی کابرای کردو گوتی: کەواتە ئەو دوڕە بە نرخەبا بۆتۆ بێتن و نرخێکی زۆری هەیەو سودی لیَ وەر

بگره،کابرا گوتی: نەخێر من بەختی خۆم دۆزیوەتەوە دورم بۆچیەو ئیتر هەستاو ڕۆیی و دورەکەی لەوێ بە جێ هێشت و نەی ویست.

دوای ماوەیەکی تر کە ڕۆیشت و چوّوه ئەو وەلاتەوەکە لێوەی پەڕیبۆوە، دیسان لە سەر سنوری ئەو خاکە دەستگیریان کرد و بردیانەوە لای پاشا،پاشا کە چاوی بە کابرا کەوت و بەخێر هاتنی کرد و لێی پرسی و گوتی: بەختی خۆت دۆزیەوە؟ئەویش گوتی: بەلێ دۆزیمەوە،ئەوسا پاشا گوتی: وەرامی پرسیارەکەی منت هێنایەوە؟کابراش گوتی: بەلێ، بەلام حەز دەکەم بە تەنیایی پێت بلێم،پاشا هەموو وەزیرەکانی دەرکردە دەرەوە و کابرا بە پاشای گوت قوربان تۆ کچێکی و مێردت نەکردوە و کەسیش نازانێ کە تۆ کچی و مێردێک بکە چادەبیتەوە و دلتەنگیت نامینێ و زۆر ئارام دەبیت،پاشاش کە ئەمەی بیست زانی کە ئەم پەیڤە زۆر ڕاستە و باوەڕی هات کە چون دەزانی کە ئەو پادشایە کچەو کەسیش نازانێ،بیری کردەوەو گوتی دیارەکەقسەکەی ئەم کابرایە زۆر ڕاستە،بۆیەکە بە کابرای گوت : کەواتە من مێرد بە تۆ دەکەم و تۆ وەرە ببە بە پاشای ئەم وەلاتە،کابرای بەدبەختیش گوتی: نەخێر پادشا،من هەرگیز ئەمە ناکەم ودەگەڕێمەوە شوێنەکەی خۆم و بەختی خۆم دۆزیتەوە و هەرگیز نامەوێ تۆ بێنم و ببم بە پاشای ئەم وەلاتە.

ئیتر لەویش ڕۆیشت و تا گەیشتەوە ناو باغەکەو لەوێش کابرای خاوەن باغ زۆری بە خێر هاتن کردەوەو لێی پرسی و گوتی:چیت کرد ؟بەختی خۆت دۆزیەوە؟کابراش گوتی:بەلێ بەختی خۆم دۆزیەوە،خاوەن باغ گوتی:وەرامی پرسیارەکەی منت هێنایەوە؟بەدبەخت گوتی:کولینگ و بێلان بێنن و دەمەتریان لەبەر دەرگای عەمبارەکە پیاو دستیان بە هەلکەندن کرد تا گەیشتە ئەو کوپە زێڕانەی کە بەختی کابرا باسی بۆ کردبوو،ئەوسا بە باغەوانی گوت:ئەم زێڕانە هەمووی دەربێنن و ئەوسا باغەکەت بەرێکی زۆر دەگرێتن،باغەوان کە ئەمەی بینی زانی کە ڕاست دەکاتن و هەموو کوپە زێڕەکانیان هێنایە درەوە بە بەدبەختی گوت:وەرە ئەم زێڕانە بۆ خۆت بەرەو من پێویستیم پێ نیە،کابرای بەدبەخت گوتی:من زێڕم بۆچیە تازە بەختم هاتۆتەوەو هەمووی با بۆ خۆت بێت و من نامەوێ.

ئیتر لەویش بەڕێ کەوتەوەو بەرەو وەلاتەکەی خۆی گەڕایەوەو لە ڕێگەی سەر شاخەکەدا گورگە چاوەڕوانی کابرای دەکرد کە وەرامەکەی بۆ

بێنێتەوە،کابراش کە گەیشتە لای گورگەکەو دیسان پەلاماری دایەوە و گوتی:کوا وەرامەکەی پرسیاری من؟بەدبەختیش هەر لە هەوەلجارەوە تا گەیشتەوە لای گورگەکە هەمووی بۆ گێڕایەوەو ئەوسا بە گورگەکەی گوت:بەختی من گوتی کە هەتوانی دەردی پێستی تۆ خواردنی کابرایەکی زۆر بێ ئەقل و نەزانە کەپێیگەیشتی و بیگەیتێ و بەبێ دواکەوتن بیخۆیت و ئیتر باشان چاک دەبیتەوەو بەلات لێ نامینێ،گورگە کە ئەمەی بیست و ددانەکانی حۆی قرِماند و بە کابرای بەدبەختی گوت:تۆ کە ئەو هەمو هەلەت لە دەست خۆ دایەو قەبولت نەکردووە دیارە کە لە تۆ بەدبەختتر و بێ ئەقل و نەزانتر لە هیچ شوێنێ دەست ناکەوێت و تەنیا تۆی دەرمانی دەردی من و ڕاستەو خۆ سواری سەری کابرای بەدبەخت و نەزان بوو و پارچە پارچەی کرد و لە وێندەر کابرای خوارد و ئیتر دەردەکەی گورگەش چا بۆوەو هەرچی کە خورشت و ئازار بوو لە سەر پێستی گورگە نەما.بەلێ ئەمەیە سەرەنجامی بێ ئەقلی و نەزانین، هەرکەسێک لە ژیان دا کە نەزان بێت و ئاوا دژی بەرژەوەندی خۆی کار بکات هەر ئاوای بەسەر دێتن.

.